# کەرکوک : شاری قەڵاو ئاگرو خوێن

عەلی مەحمود محەمەد

هۆڵەند

## بەشی یەکەم

تا ئێستا کەم نەوتراوە لەسەر مێژووی دروستبوون و ناسنامەی نیشتمانی و جوگرافیای شاری کەرکوک , پسپۆران و مێژوونوسان و جوگرافیا ناسانی کارامەو خامە ڕەنگین و بیر تیژی وەک د.نوری تاڵەبانی و د.جبار قادر و د.خلیل ئیسماعیل و د.جمالٌ ڕەشید و ..... هتد زۆریان لە سەر ئەم شارە لەهەموو لایەنەکانەوە نووسیوە . هەموو ئەو لایەنە گرنگانەی کە پێویستن لەسەریان هەڵوێستە بکرێت بۆ سەلماندنی کوردستانی بوونی ئەم شارە , پڕیان کردۆتەوە , هەردەم کوتان و قسە کردنێکی دیکە لەم لایەنانەوە دەچێتە خانەی کۆپی کردنەوەیەکی سەقەتی ئەو نوسینانەی ڕابردوو , ئەنجامەکەی تەنها ماندوو کردنی خوێنەر و لێڵ کردنی دۆزەکەیە , بۆیە ترسی ئەوەم هەیە ئەم هەوڵە تەوازعەی منیش بەو ئاقار و ڕچە ڕێیەدا بڕوات , لە بڕی خزمەت کردن ماندوو کردنی خوێنەر و شێواندنی ڕاستییەکان بێت .

لە بەر گرنگی دۆزی کەرکوک لەم ڕۆژگارەدا , ئەگەری ئەوە هەیە ببێتە سەرچاوەیەک نەک تەنها بۆ سوتاندنی عێراق لە ئاگری ململانێکانی خۆیدا , بگرە کاریگەری لەسەر پرۆژە سیاسیە جیهانییەکان و جەمسەرگەری جیهانی و نەخشە ڕێژ کردنی سیاسەتی جیهانیش دابنێت لە داهاتوودا .

ئەگەر شەڕی کەنداوی یەکەم ڕەنگرێژی باڵا دەستی ئەمەریکای کردبێت , ئەوا داهاتووی ململانێکانی عێراق ڕەنگرێژی سیاسەتی داهاتوی جیهان دەکات , کە دۆزی کەرکوک شوێنێکی گەورەی لەو ململانێیە گرتووە , هەر تەقینەوەیەکی نەتەوەیی لەو شارە ئاگر لە جەستەی پرۆژە سیاسییەکان بەر دەدا لە ناوچەکە و خەونە خۆشە پەنبەییەکان دەکات بە قەرەبڵووت .

زۆرێک لەوانەی تەنانەت بۆ جارێکیش بێت بە ڕێکەوتیش بەناو کەرکوکدا گوزەرییان نەکردووە , بە هێنانەوەی هەندێک بۆچوونی ئەم و ئەوو و سەر و گوێلاک شکاندنی هەندێک نووسینی کەسانی دیکە بە سەقەتی , بەوان بێت بە چەند دروشمێک شارەکە بکەن بە قەسابخانەیەک , یەک مرۆڤی جیا لە نەتەوەی خۆیانی بە زیندویی تێدا نەهێڵن , بەوان بێت بە پانایی خاسە خوێن شەپۆلٌ بدات , نازانن مرۆڤایەتی ئەو قۆناغە وەحشیەتەی بەجێ هێشتووە , جارێکی دیکە مرۆڤایەتی جێی قڕ کردنە بە کۆمەڵەکانی تێدا نابێتەوە .

ناسیۆنالیزم ڕاستە هەموویان لە یەک سەرچاوەی فکری ئاو دەخۆنەوە , بەلام ناسیۆنالیزمی هیچ نەتەوەیەک , تا سەر پەیوەندییەکی هاوڕێیەتی بە هیچ ناسیۆنالیزمێکی نەتەوەیەکی دیکەوە نایان بەستێتەوە, بە تایبەتیش ئەوانەی بەرژەوەندیان پێچەوانەی یەکدییە . بەردەوام بەرژەوەندییە دژەکان لەبەرامبەر یەکتری دایان دەنێت , داوای ململانێ و دەسکەوتییان لێدەکات .

توندڕەوەکانیان لە شێوازی بیرکردنەوە و هەڵسەکەوتدا کۆپی یەکن . ئەم یەک ڕەنگییەی ناسیۆنالیزمە توندڕەوەکانی دانیشتووی کەرکوک , لە هەڵوێستیان بەرامبەر بە ناسنامەی نیشتمانی کەرکوک بە ڕوونی دەردەکەوێت , لە شێوەی دوژمنی

سەرسەختدا لە بەرامبەر یەکتر دایان دەنێت , بەوان بێت لە بەرژەوەندی نەتەوەی خۆیاندا شارەکە بە خاك و مرۆڤەوە بسوتێنن , جیا لە خۆیانی تێدا نەهێڵن .

ئەو گارانی نوسین و دروشم و کتێبانەی لەم چەند ساڵەی دواییندا لەسەر کەرکوك نوسراون و دەرچوونە , جگە لەوانەی پێشتر ئاماژەم پێیان دا , بە داخەوە نەیانتوانیووە چەند وشەیەکی نوێ بخەنە سەر نوسراوەکانی ڕابردوو و خزمەتێك بەم شارە بگەیەنن . کلتورێکی مرۆڤ پەروارانە لەناو نەتەوە جیاجیاکانی شارەکە بڵاو بکەنەوە , بە ناچاری دەبێت بڵێین نەبوونییان زۆر باشتر بوو لەو هەبوونە .

ڕوخانی ڕژێم و دەست بەسەرا گرتن بەسەر کۆمەڵێك بەڵگەنامە لە لایەن حیزبەکانەوە , , زۆر نیمچە خوێنەواری حیزبی کرد بە نووسەری چەندین کتێب لە سەر کەرکوك و تەعریب و ئەنفال , لە ڕاستیدا ئەو کتێبۆکانە لە ئەلبومێکی کۆکردنەوەی بەڵگەنامەی کۆپی کراو زیاتر هیچی دی نین , ئەم نوسینانە نەیانتوانی کورد و حیزبەکان لە قەرزار باری ئەو نووسەرانەی ئاماژەم بە ناوەکانییان دا لە سەرەتاوە دەربکات .

کوردستانی بوونی کەرکوك بە بەرز کردنەوەی دروشمی سیاسی زەق و داتاشینی ئەفسانە هیچ بەرهەمێکی نابێت , جگە لە چاندنی تۆوی قینی نەتەوەیی لە شارەکە . ئەگەر ئەفسانەکان لە ڕابردوودا ئاینەکانیان دروست کردبێت و زۆر نەتەوەیان کردبێت بە گەلی هەڵبژاردە و زۆر شاریان پیرۆز کردبێت , ئەوا ئێستا سەردەمی ئەفسانە و پێغەمبەرایەتی تێ پەڕیووە , بە ئەفسانە کردن جارێکی دیکە دانیال پێغەمبەر لە گۆڕەکەیەوە بە خۆی و ئاڵای کوردستانەوە دەرناچێتە دەرەوە و کەرکوك ناکات بە قیبلەگای ئومەتەکەی .

لەم باسەدا هەوڵ دەدەم تا پێم بکرێت خۆم لە لاسایی کردنەوەو کۆپی کردنەوەی نووسینەکان پێشتری نووسەران دەپارێزم , هەرچەندە زۆربەی زۆری زانیارییەکانم لە نووسەرانی دیکەوە وەرگرتووە .

لەچەند بەشێکدا لە گەشەی شار لە جیهان و عێراق بە شێوەی گشتی , وە کەرکوك بە تایبەت دەدوێم , هۆکارەکانی گەشە کردنی شار کامانەن ؟؟ , گۆڕانکارییەکانی شاری کەرکووك لە نێوان دوو سەدەی ڕابردوو بە گشتی وە ساڵانی 1947 و 1957 بە تایبەت , چۆن بووە و بە چ قەبارەیەك بووە ؟ . هەوڵە دەم ڕایەڵەیەك لە نێوان گەشەی کەرکوك وەك شار وە هەر شارێکی دیکە لە جیهان و عێراق و کوردستان بدۆزمەوە , وەك وەڵامێك بۆ ئەوانەی دەیانەوێت کۆچی جوتیارانی کورد لە دەوروبەرەکەیەوە بۆ ناوەندی شار لە یاسای سروشتی گەشەی شار بخەن , یاساو ڕێسایەك تایبەت بۆ کەرکوك بە کردن بدەن , کەرکوك دابڕێنن لە دەورو بەرەکەی خۆی لە شار و شارۆچکە و گوندەکانی . لێرەشەوە بەربەستێك لەبەردەم بەشارییبوونی خەڵکی ناوچەی کەرکوك دروست بکەن . هەموو ئەمەش تەنها بۆ ئەوەی بیسەلمێنن کۆچی جوتیارانی کورد لە لادێوە بۆ ناو سەنتەری شار بە دەرە لە یاسای دیالێکتیکی گەشەی سروشتی شار لە جیهان . بە بۆچوونی ئەوان بێت جیا لە سەرتاپای جیهان , خەڵکی دەوروبەری کەرکووك ناتوانن ببن بە هاووڵاتی لە سەنتەردا , , بۆ ئەوەی لێرەوە ناسنامەی نیشتمانی شارەکە بە بەرژەوەندی نەتەوەیی خۆیان بگۆڕن .

## گەشەی شار لە دوو سەدەی ڕابردوودا لە ئاستی جیهانی

مرۆڤایەتی لە سەرەتای پەیدابوونییەوە تا ناوەڕاستی سەدەی نۆزدە , هەندێك لەوە زیاتر دەڕۆن و وای بۆ دەچن تا سەرەتاکانی سەدەی بیست , نەیتوانی ژمارەی ملیارێك دانیشتووان لەسەر گۆی زەوی پڕ بکاتەوە .

پڕ كردنەوەی ژمارەی دانیشتووانی یەكەم ملیار , سەدان و هەزاران هەزار سالّی ویست , سەدان هەزار پزیشك و ملیۆنان ملیۆن مرۆڤ هەمووهەولێكیان خستە گەڕ بۆ زالّ بوون بەسەر مەرگ و باشتر كردنی باری ژیان , تا مرۆڤایەتی گەیشت بە ژمارەی یەكەم ملیار , لەو ماوەیەدا مرۆڤایەتی چەندین قۆناغی ئابوری كۆمەلآیەتی بڕی . دەرد و ئافاتەكان , تاعون و ڕشانەوەكان , سیل و زەردویەكان , شەڕ و بە كۆیلە كردنەكان , بومەلەرزە و قات و قڕییەكان , برسێتی و لافاوەكان , هەموو بەربەست بوون و ڕێگەیان لە گەیشتن بەو ژمارەیە دەگرت .

پاش گەیشتن بەو ژمارەیە, مرۆڤایەتی لە ماوەی نزیك بە سەدەیەكدا , توانی ژمارەی 6 ملیار پڕ بكاتەوە . ئەمەش لە سایەی ئەو داهێنانەی بە دوای ڕێنانس و شۆڕشی پیشەسازی هاتن , نەخۆشی و ئافاتە گەورەكانی بنەبڕ كرد .

شۆڕشی پیشەسازی لە نیوەی دووەمی سەدەی هەژدەهەمەوە , دەرگایەكی ڕۆشنی بۆ گەشە كردن و زۆر بوونی دانیشتوانی جیهان خستە سەر پشت , بە تایبەت ئەو داهێنانەی لە بواری پزیشكی وەك دۆزینەوەی ڤایرۆس و دەرمانی كوتان و دیاریكردنی سیل و ... یارمەتیدەری گرنگ و هۆكاری سەرەكی بوون بۆ كەمكردنەوەی ڕێژەی مردن . باش بوونی هەلومەرجی ژیان و زۆر بوونی بەرهەمیش هاوكارێكی گرنگی بەرز بوونەوەی تەمەن بوو , كەمی ڕێژەی مردن و درێژی تەمەن ئەو زۆربوونی دانیشتووانەی ئێستای مرۆڤایەتی لێكەوتەوە .

بۆ یەكەمجار لە مێژووی مرۆڤایەتیدا ڕێژەی مردن بە ڕادەی بەرز دابەزی , هاوكات لە گەلّیدا ڕێژەی لە دایك بوون سەركەوت , تەمەنیش لە گەلّ تێپەڕ بوونی كاتدا ڕاستەوانە بەرەو سەر هەلّكشا . هاوكات بەكارهێنانی پەینی كیمیاوی و ئامرازە بەرهەم هێنەرە كشت و كالّییەكان و داهێنانەكان لە بواری هۆیەكانی گواستنەوە , وایان كرد بەرو بووم زۆر بێت و تا ڕادەیەك چارەسەر بۆ برسێتی و كەم خۆراكی مرۆڤەكان بدۆزرێتەوە , لە كاتی لێ قەومانیشدا مرۆڤایەتی فریای ناوچە زیان لێكەوتووەكان بكەوێت . هەرچەندە تا ئێستا زیاتر لە یەك ملیار و دووسەد ملیۆن مرۆڤ بە ئاوازی جورەی سكەوە شەوان سەر دەنێنەوە , ناتوانن ڕۆژانە 3 ژەم نان بخۆن . تا ئێستا لە ولآتانی بیابانی گەورەی ئەفریقا , منالّە ساواكان گەلآی وشكەوە بووی دارەكانیشیان دەست ناكەوێت تا ورگیانی پێ پڕ بكەن , لە كاتێكدا لە ولآتانی ئەوروپا و ئەمەریكا قەبارەی بازاڕی ئایس كرێم بە تەنها زیاتر لە 70 ملیار دۆلارە , كەچی لە ولآتە هەژارەكان لە هەر دەقەیەك 3 منالّ بە هۆی برسێتیەوە مەرگ دەیباتەوە .

هاوكات شۆڕشی پیشەسازی تەكانێكی گەورەی بە گەشە كردن و گەورە بوونی شار دا , ڕۆلّ و پایەی لە كۆمەلّگا و بەرهەم هێناندا بەرز كردەوە , دامەزراندنی كارگاو كارخانەی گەورە , كەم بوونەوەی ڕۆلّی كشت و كالّ لە بەرهەمی نەتەوەیی ولآتان , بە ئەندازەیەك ئەمڕۆ كشت و كالّ لە ولآتە پێشكەوتووەكاندا , بەشی كەمترە لە 4٪ ی كۆی بەرهەمی نەتەوەیی ولآت , لە بەرامبەردا بەشی هەردوو كەرتی پیشەسازی و خزمەتگوزاری چووە سەر , ئەم دوو كەرەتەش لە بواری ئابوریدا شارین , بە پێچەوانەی كەرتی كشت و كالّەوە كە لادێیە .

لەدوای شۆڕشی پیشەسازییەوە , قورسایی شار لە كۆی بەرهەم هێنانی ولآتاندا چووە سەر , لە ناوەندی سەربازییەوە بووە ناوەندی بەرهەم هێنانی كالآ , ڕۆلّی لە كاروباری سەربازی كەم بوەوە , تا ئەو ڕادەیەی ئەمڕۆ لە زۆربەی زۆری ولآتان , سەربازگاكان فڕێ دراونەتە دەرەوەی شارەكان , لە دوری ئاوەدانییەكان نیشتەجێ كراون . هیچكە قەلآو شوراكان مۆلّگای سەربازگاكان نین , بەلّكە بوونە بە ناوەندی ئاوەدانییەكان .

ئەم قسانەم ئەوە ناگەیەنێت و دەربڕی ئەوە نییە شار لە ڕابردوودا ڕۆلّی سیاسی , ئابوری , فەرهەنگی نەبووە و گرنگی پێ نەدراوە , بەلّكە بەهۆی پەیوەندی ئابوری كۆمەلآیەتی زالّەوە لەو قۆناغانەدا نایەتوانی لەو ڕۆلّەی كە هەیبووە , نەخشی زیاتر دیاری بكات و لەو قەبارەیەی هەیبووە مەزنتر بێت .

لە ڕابردوو و ئێستادا شار ناوەندی بڕیارە سیاسییەكان بووە , بیروباوەڕە سیاسیە مۆدێرنەكان هەموو كات شاری بوونە . شار دایانگای مۆدێرنەیە , هاوكات مۆدێرنەش گەشەی بە شار دا .

ئەغریقییەکان زۆر گرنگیان بە شار دەدا لە ڕوی بیناسازییەوە , هەموو شارێك لە شارەکانییان هێنایە ئاستی ولاتێك , لە ولاتی شارەکاندا ژیان 1.

تا ئێستاش پاشماوەی ئەو شارانەیان بە نموونەی بەرزی بیناسازی دادەنرێن .

شارە پیرۆزە ئاینییەکان , شارە سەربازییەکان , شارە بازرگانیەکانی قەراغ دەریا , شارەکانی سەر ڕێگای کاروانە بازرگانیەکان , ڕۆڵی مەزنیان هەبووە لە مێژوودا . بەلام لە سەردەمی پێش مۆدێرنیتەدا , بە شێوەی گشتی لە زۆربەی حالەتەکاندا , وەزیفەی شار زیاتر وەزیفەیەکی سەربازی بووە . شار ئەو قەلا و شورا گرنگە بووە , لەو دیوییەوە , سەربازان داکۆکییان لەسنوری دەسەلات کردووە , ولاتیان لە دوژمنان پاراستووە , لە ڕێگەیەوە باج و سەرانەیان تێیدا بۆ فەرمانڕەوایان کۆکردۆتەوە .

ژمارەی دانیشتوان و پەیوەندییەکانی بەرهەم هێنان و ئاستی داهاتی تاك لە هەر ولاتێکدا , قەبارەی شارەکانی ولاتەکە دیاری دەکەن . ژمارەی دانیشتوانی کەم و پەیوەندی ئابوری دەرەبەگایەتی و خەلکێکی هەژار و نەخۆش و نەخوێنەوار پێویستیان بە شاری گەورەی ملیۆنی نییە . هەر بۆ خۆی پەیوەندییە ئابورییەکەش , ڕێگە بە دروست بوونی شاری وا مەزن نادات .

لە قۆناغی دەرەبەگایەتیدا بە بوونی شاری وا گەورە و کۆبونەوەی هاوولاتیان تیایدا , دەرەبەگایەتی دەسەلاتدار جوتیاری بە دەستەوە نامێنێت سوخرەی پێ بکات و دەسەلاتەکەی لە لادێدا بپارێزێت .

دوو سەدەو نیوی ڕابردوو , پاش بە ئەنجام گەیشتنی شۆڕشی پیشەسازی لە ئەورووپای خۆرئاوا , بازرگانی جیهانی گەشەی گەورەی کرد , بەرهەمە زۆر و زەبەنەکانی پیشەسازی ئەورووپا , پێویستی بە بازاڕ هەبوو بۆ ساغکردنەوە . بازرگانەکان قوماشی ئینگلیزی و هۆلەندی , حەریر و شەرابی فەرەنسی , شوشەی بندقییان , لەم ولاتەوە دەگەیاندە ئەو ولات , لەم بازاڕەوە بۆ ئەو بازاڕ . هاوکات لە ولاتانی ژێر دەستەو دواکەوتووەوە دانەوێلە و خوری و پێستیان دەنارد بۆ بازاڕەکانی ڕۆژئاوا . بەم هۆکارەوە هۆیەکانی گەیاندنیش گەشەیان کرد , تۆڕی ڕێگاو بانی نوێ و پەیدا بوونی ڕێگای ئاوی کورت وەك سویس کاریگەریان لە سەر گەشەی بازرگانی و خێرا کردنی دانا . هاوکات پیشەسازی مانیفاکتۆرە و دەستیش هەندێکیان پوکانەوە بەشێکیشیان گەشەیان کرد و گەورە بوونەوە , ئەوەی نەیتوانی باشتر بێت مەرگ حوکمی نەمانی بە سەریدا دا .

وەك ڕوونە بۆ هەموان , چەندە ژمارەی دانیشتووان بچێتە سەر , پێویستی بازاڕی تازە دێتە پێشەوە بۆ هاوولاتیان , تا پێداویستییەکانیان تێیدا دابین بکەن . کاربردی تاك لە شاردا زیاترە وەك لە لادێ , بۆیە ولاتە شارییەکان هەموو کات بارستایی بازاڕیان گەورەترە لە ولاتە لادێییەکان ( مەبەست زۆرایەتییە) , بەتایبەت هاوولاتیانی دەولەمەند پێویستییان بە بازاڕی مەزن هەیە . تا هێزی کڕینی هاونیشتمانییان بچێتە سەر , بازاڕ گەورە دەکرێتەوە , پشەسازی ئارایشی گەشە دەکات , هاوکات لە گەلێ گەورە بوونەوەی شاردا سستەمی کارگێڕی شاریش پێویستی بە گەورە بوونەوە دەبێت و گەشە دەکات .

شار شوێنێکی ناوەندییە , کەلوپەل و خزمەتگوزاری بۆ ناوچەکانی دەوروبەری خۆی دابین دەکات . لە بەرامبەردا ناوچەکانی دەوروبەری شار ( لادێ و شارۆچکەکان) بۆ خەلکی شار خۆراك و بەروبومی کشت و کالی و ئاژەلداری و بەرهەمی پیشەگەری دابین دەکەن و باجی پێشکەش دەکەن , ئەو بەرو بوومەی لە پێویستی ناوچەکە زیاتر بێت لە ڕێگەی ناوەندەوە ڕەوانەی بازاڕی ناوچە و شار و ولاتانی دیکە دەکردرێت .

زۆربوونی ژمارەی دانیشتووان , هۆکارێکی سەرەکی کۆبونەوەی دانیشتوانی ولاتە لە قەوارەی گەورە گەورە لە دەوری یەکتر , لە پالێ بوونی قۆناغی ئابوری سەرمایەداری .

وەك پێشتر ئاماژەمان پێیدا , مرۆڤایەتی  لە سەرەتای پەیدا بوونییەوە  تا سەدەی بیست نەیتوانی ژمارەی **1** ملیار پڕ بکاتەوە , لە ناوەڕاستی سەدەی **17** ەدا , توانی لە ژمارەی  نیو ملیار نزیك بێتەوە , بە دوو سەدەو نیوی دواتر , توانی بگاتە ژمارەی یەك ملیار , ئەو ژمارەیە بە گوێرەی  زەمەنی پێشتر زۆر كەمە , بەلاّم بۆ زەمەنی  دواتر زۆر زۆرە .

بە گوێرەی ڕاپۆرتی ویكلۆكس , ساڵی **1650** ز مرۆڤایەتی  گەیشتە **470** ملیۆن مرۆڤ , لە ساڵی  **1800** ز گەیشتە **919** ملیۆن , لە ساڵی **1900**ز گەیشتە  **1071** ملیۆن **2**.

ئەو ژمارەیە بەهۆی نەبوونی ئاماری هەمەلایەنەی  وردەوە  , تەنها پێشبینی و ئەگەرە , چونكە ئاماری مۆدێرنی ورد تا ئەم چەند  دەیەی  دواین ئەنجام نەدراوە  , ئەمە  سەرباری ئەوەی زۆر كۆمەڵە مرۆڤی داخراو لە جیهاندا هەبوونە  , زانیاری پێویست لە سەریان نەبووە  .

هەندێك ئاماری دیكە ئەو ژمارەیە بە كەمتر دەزانێت بۆ نموونە ئەمەش ئاماژەیەكی  دیكەیە )

ساڵی **1800** ژمارەی دانیشتوانی گۆی  زەوی تەنها **906** ملیۆن بوو **3**.

لە سەدەی **14** و **15** ەوە بۆ ئێستا  ژمارەی دانیشتووانی گۆی زەوی زیاتر لە **27** جار چۆتە  سەر  **4**.

ئەم زۆر  بوونەی دانیشتوانەش  تا ئێستاش هەر  لە بەرز بونەوەدایە . هەرچەندە لە وڵاتە پێشكەوتووەكاندا  بەرز بوونەوەی ڕێژەی دانیشتوان نزیك لە ڕاوەستانە , بەهۆی كەم بوونەوەی لە دایك بوونەوە  , ئەمەش مەترسی گەورەی بۆیان دروست كردووە و دڵە ڕاوكێی بەهێزە ناسیۆنالیستەكانی ئەو وڵاتانە  خستووە  .

لە ساڵی **1800** دا وەك لە یەكێك لە سەرچاوەكانەوە ئاماژەمان پێیدا , كە ژمارەی دانیشتوانی جیهان **906** ملیۆن بوو , لەو ژمارەیە  **3**٪ بیان لە شار گەلێكدا دەژییان  ژمارەی دانیشتوانییان   لە **5000** كەس زیاتر نەبوو  . **2,4**٪ بیان  لە شاری زیاتر لە **20000**  دا دەژیان . هەروەها لە

**1,7**٪ لە شارانێكدا دەژیان ژمارەی لە   **100000** زیاتر بوو . ئەمەی خوارەوەش خشتەیەكە بۆ ڕێژەی شارەكان بە گوێرەی ژمارەی دانیشتوانییان و گەشە كردنیان لە ماوەی دوو سەدەو نیودا :_

| ساڵ | زیادەی دانیشتوان | 5000 | 20000 | 100000 |
|---|---|---|---|---|
| 1850–1800 | ٪29,2 | ٪175,4 | ٪132 | ٪76,3 |
| 1900–1850 | ٪37,3 | ٪192,0 | ٪193,5 | ٪225,2 |
| 1950–1900 | ٪49,3 | ٪225,7 | ٪239,6 | ٪254,1 **5**. |

سەرەتای سەدەی **19** تەنها **1** شاری ملیۆنی لە هەموو جیهاندا  هەبوو ئەویش شاری لەندەن بوو **6**.

ساڵی **1800** ڕێژەی شارنشینی لە  **3,4**٪ ی دانیشتووانی جیهان تێپەڕی ناكرد , ژمارەی دانیشتوانی ئەو شارانەی لە **5000** كەس زیاتر بوون لە **3**٪ ناچووە سەر . ساڵی **1900** ڕێژەی شارنشینی گەیشتە نزیك بە **13,6**٪ ی دانیشتووانی جیهان , لە ساڵی  **1920** بەرز بووەوە بۆ **19,3**٪ و لە ساڵی **1940** گەیشتە  **24,8**٪  , واتە **570** ملیۆن  شارنشین لە كۆی دانیشتووانی گۆی زەوی كە كۆی گشتی **2295** ملیۆن بوو  . لە ساڵی  **1960** دا ڕێژەی شار نشینی بەرز بووەوە بۆ **33,1**٪ (**990** ملیۆن لە كۆی **2990** ملیۆن ) , لە ساڵی **1970** دا  گەیشتە **860** ملیۆن . واتە لە ماوەی **20** ساڵدا دوو بەرامبەر چووە سەر .

لە ساڵی **1995** ڕێژەی دانیشتوانی شار تەكانی گەورەتری دا , لە كۆی **5716** ملیۆن گەیشتە **2584** ملیۆن  , واتە لەو ساڵەدا **49**٪ ی كۆی گشتی دانیشتووانی جیهان لە شارەكاندا دەژیان  . ساڵی **2000** ڕێژەی شارنشینی **50**٪ ی  تێپەڕاند و بووە **51**٪ ی دانیشتووانی گۆی زەوی , ژمارەی  دانیشتوانی شاری لە جیهاندا گەیشتە **3132** ملیۆن .

پێشبینی وایە  لە ساڵی  **2025**  دا  بگاتە **65,2**٪ ی هەموو هاووڵاتیانی جیهان **7**.

لە ماوەی **8** دەیەدا ڕێژەی شار نشینی  **700**٪ چووە سەر , لە **360** ملیۆنەوە گەیشتە **3132** ملیۆن لەساڵی **2000** .

ئێستا لە **6,5** ملیار مرۆڤ لە جیهاندا , **3,2** ملیاری  لە شارەکاندا دەژێن **8**.

لە قۆناغی دەرەبەگایەتیدا , زۆربەی زۆری  هێزی کار , لە کەرتی  کشت و کاڵ کاریان  دەکرد , لە دوای شۆڕشی پیشەسازی و  بە پێشکەوتنی پیشەسازی و داهێنانی کەل و پەلی  بەرهەم هێنانی کشت و کاڵی , هێزی کاری لادێ لە پێداویستی کەرتی  کشت و کاڵ زیاتر بوو , پیشەسازی لە شار پێویستی بەو هێزی کارە زیاتر هەبوو , بۆیە کۆچی جوتیارانی بێکار بۆ شار دەستی پێکرد  , ئەو هێزی کارە پێویستەی  لەو جوتیارانە دابین دەکرد کەلە  لادێکان  شۆڕشی پیشەسازی و داهێنانەکانی بێکاری کردبوون  , لە گەڵ کۆڕەوی بە کۆمەڵی جوتیاران ڕوو لە شار و زۆربوونی ژمارەی دانیشتووان  قەبارەی شارەکان گەورە بووەوو ڕێژەی شارنشینی چووە سەر .

لە وڵاتە پێشکەوتووەکان هێزی کار زیاتر لە هەردوو  کەرتی خزمەتگوزاری و پیشەسازی کار دەکەن , ئەو دوو کەرتە ئابوری  شارین . بە تێپەڕ بوونی کات و گەشە کردنی تەکنەلۆژیا , ڕۆڵی کەرتی خزمەتگوزاری لە ئابوری وڵاتان دەچێتە سەر , لەگەڵ بەرز بوونەوەی کاربوردی هاووڵاتیان و گەورە بوونەوەی شارەکان ئەویش گەشە دەکات  ,  ئێستا لە هەندێك وڵاتی پێشکەوتوودا کەرتی خزمەتگوزاری گەیشتووە بە **80**٪ ی کۆی بەرهەمی نەتەوەیی وڵات  .

پیشەسازی نوێ , هێڵی شەمەندەفەر , ئۆتۆمۆبێل , لە سەرەتای سەدەی  **20**  ەوە  کاریان  لە گەشەکردنی سەر سوڕهێنەری  شار کرد .

پیشەسازی پێگەی شاری لە ئابووری وڵات سەرخست , شەمەندەفەرو ئۆتۆمۆبێل  جوڵەی هاووڵاتیان و کاڵایان خێراتر کرد , زەمینەی مادییان بۆ گەورە بوونەوەی شارەکان و خێرا کردنی بازرگانی خولقاند و  هاوکاری کۆبونەوەی دانیشتوانیان کرد

لە دەوری ناوەندەکانی بەرهەم هێنان و هێڵەکانی پەیوەندی . جیهان تا ئێستاش لە قۆناغی بەشار بوونی بەردەوامدایە , ئەم قۆناغە درێژەی دەبێت , ئەگەر لە وڵاتانی پێشکەوتوو بە شار بوون گەیشتووە بە ترۆپکی خۆی  و زۆرجار کۆچی پێچەوانە و هەڵاتن لە شارە جەنجاڵەکان دەستی پێکردووە , ئەوە لە وڵاتە پەرەستێنەکاندا بەشار بوون بەردەوامە , نموونەی زیندوو و بەرچاو  هیند و چینە . لە چیندا لە **3** دەیەی ڕابردوو گەورەترین کۆڕەی جوتیارانی لە لادێوە بۆ شار لە مێژووی مرۆڤایەتی بە خۆوە بینی  .

لادێکان هیچکە ناتوانن کار و  بژێوی دانیشتووانەکەی دابین بکەن , هەروەها ئەو جیاوازی داهاتەی لە نێوان خەڵکی شار و لادێدایە وا دەکات جوتیارانی ئەمازۆن و ڕۆژئاوای چین و بەنگالی ڕۆژئاواو ............. بە کۆمەڵ بە دوای جیهانی بەڵێن پێدراودا ڕوو لە شارە جەنجاڵەکان بکەن .

لە ماوەی **2** سەدەی ڕابردوودا  ژمارەی دانیشتوانی شار لە جیهاندا  لە **30** ملیۆنەوە بۆ زیاتر لە **3**ملیار سەرکەوت**9**.

لە وڵاتانی گەشەستێن ڕێژەی بەرزبونەوەی بە  شار بوون   زیاترە   ,  لە ساڵی **1925** دا   ژمارەی  شارنشینان تەنها **120** ملیۆن بوو لەو وڵاتانە , لە ساڵی **1995** گەیشتە **1255** ملیۆن **10**.

لە هەموو وڵاتانی جیهان  ڕێژەی شار نشینی وەك یەك نییە , تەنانەت لە وڵاتە پەرەستێن و پێشکەوتوەکانیش ڕێژەی شار بوون تیایاندا  یەکسان نییە . جگە لە لایەنی ئابوری ,  پێك هاتەی جوگرافیاش ڕۆڵی خۆی دەگێرێت لەم بوارەدا , کەم بوونی پانتایی ڕووپێوی خاك وا دەکات چڕی دانیشتوان بەرز بێتەوە لە هەندێك وڵاتدا , خەڵکەکە  لە شارەکان  ژیان بەرنە سەر  . بۆ نموونە ڕێژەی شارنشینی لە ڕواندا **5**٪ و لە بەلجیکا **97**٪ , هۆنگ کۆنگ و سەنگافورە و کوەیت **100**٪ خەڵکەکەی لە شارەکاندا دەژێن **11**.

کیشوەری ئەفریقا **10** شاری تێدایە ژمارەی دانیشتوانییان لە **1,5** ملیۆن زیاترە , لە **1950** ەوە بۆ **1975** ژمارەی شاری ملیۆنی لە وڵاتانی پەرەستێن لە **23** شارەوە گەیشتە **90** شار , لە وڵاتە پێشکەوتوەکان لە **48** شارەوە گەیشتە **91** شار **12**.

هەموو شارەکان لە جیهاندا بە یەك شێوەو تەکان گەشەیان نەکردووە و بە یەك پرۆسەدا تێپەرنەبوونە . جاکارتای پایەختی ئەندەنوسیا لە ساڵی **1945** ژمارەی دانیشتوانی **900000** کەس بوو , کەچی لەسەردەمی سوهارتۆ گەیشتە **15** ملیۆن **13**. ئەستەمبوڵ لەکۆتایی دەسەڵاتی عوسمانی , کە یەکێك بوو لە پایەختە گرنگەکانی جیهان نیوملیۆن بوو , لە کۆتایی پەنجاکان یەك ملیۆنی تەواو کرد , لە کۆتایی **2000** گەیشتە**10** ملیۆن ( **اسطنبول- ذكريات مدينة –خلقة الخامسة –اورهان باموك – بيان 10-8-2005).**

ساوباولۆ لە بەرازیل بووە زەوی بەڵێندراو (**ارض ميعاد**) بۆ هەژارانی بەرازیلی . لە ساڵی **1885** ژمارەی دانیشتوانی ناگەیشتە **130000** کەس , لە **1958** بووە **2,8** ملیۆن , لە ساڵی **1960** بە دەوروبەرەکەیەوە گەیشتە **4,6** ملیۆن , ساڵی **1970** گەیشتە **9** ملیۆن , ئێستا ١ ملیۆن لە **10** ملیۆن هەژارەکەی قەراغ شاری ساوباولۆ لە خانوی کارتۆنیدا دەژێن , **600000** هەزاریش چەند خێزان لە یەك خانودا ژیان بەسەرە بەن , ئێستا (**2002**) ساوباولۆ ژمارەی دانیشتوانی زیاتر لە **18** ملیۆنە**14**.

**3,7**٪ دانیشتووانی گۆی زەوی لە شارانێکدا دەژێن , ژمارەی دانیشتوانییان لە **10** ملیۆن دانیشتووان زیاترە , پێشبینی وایە لە ساڵی **2015** ئەو رێژەیە بگاتە **4,7**٪ , هەروەها ساڵی **2000** نزیك بە **2,8**٪ دانیشتوانی گۆی زەوی لە شارانێکدا دەژیان , ژمارەی دانیشتووانیان لە نێوان **5–10** ملیۆن بوو , ئەو رێژەیە لە ساڵی **2015** بەرز دەبێتەوە بۆ **8**٪ . لە وڵاتە دەوڵەمەندەکان بەهۆی ناخۆشی ژیان لە شاری گەورە , ژمارەی شاری بچووك زیاترە بێت , بەڵام لە وڵاتە هەژارەکان شاری گەورە گەشە دەکات , بەهۆی کۆچی هەرە هەژارانەوە بۆی و نیشتەجێ بوونییان لە گەرەکەکانی قەراخ شارەکان **15**.

لە شارە فرە نەتەوەکان , گەرەکەکان لەسەر بنچینەی چینایەتی دابەش دەبن نەك نەتەوەیی , هەژاران بە پێکهاتەی نەتەوەیی جیایانەوە , لە کۆلێتەکانی قەراغ شار , بە بێ جیاوازی نەتەوەیی , سەریان ناوە بەسەر یەکەوە , دەوڵەمەندەکانیش لە گەرەکە پڕ روناکییە بێدەنگەکاندا , لە تەنیشت یەکتری بە ئارامی ژیان بەسەرە بەن . کەرکوك نموونەیەکی زیندووی ئەو شارانەیە , لە گەرەکەکانی بلاخ و قەڵاو گڵچییەکان و .... هەژارانی کورد و تورکمان پێکەوە چەند ماڵ لە یەك حەوش دەژیان , لە گەرەکەکانی شاترلوو و رێگەی بەغدا و عەرەفە و ... دەوڵەمەندەکان لەقەسرەکانییان لە گەرەکە بێدەنگەکان بە تەنیشت یەکترەوە دەژییان .

ئەو شارە زەوی بەڵێندراوانە بۆ هەژاران , لە لادێوە جەماوەری برسی بە رێوەیە بۆی , لە گەورە بوونەوەی بەردەوامدایە .

سەیری شارێکی وەك قاهیرە بکەین دەبینین , زیاتر لە سێیەکی خەڵکی قاهیرە لە دەرەوەی شار لەدایك بوونە **16**.

ئەو ژمارەیە بۆ شارێکی وەك ئەستەمبولیش هەر راستە , لە جاکارتاو شەنگەهای و ساوباولۆو مەکسیکۆو کەلکەتا رێژەکە لەوەش باڵاترە . ژمارەی لە دایك بووی دەرەوەی شارەکان , زۆر زیاترە لە ژمارەی لە دایك بووانی ناو شار .

ئەگەر چاوێك بە ئاماری دانیشتوانی ژێر کارتۆن و کۆلێتەکان بخشێنین , بە تایبەت لە شارە زۆر گەورەکانی وڵاتە هەژار و تازە پەرەستێنەکاندا , دەبینین رۆژ بە دوای رۆژ ژیانی ئەو خەڵکە لە خراپ بووندایە , هیچ هەلومەرجێك بۆ ژیان لەو خانییە تەجاوزانە نییە , کە هەژاران لە قەراغ شارەکان بە ناچاری قیتیان کردۆتەوە .

ئەمرۆ لە جیهاندا , **750** ملیۆن مرۆڤی هەژار بێ خزمەتگوزاری و شوێنن لە ناو شارەکان **17**.

ئەم مەرگە ساتەی هەژارانی قەراغ شار تیایدا دەژێن , نەبۆتە هۆی ئەوەی ڕێژەی کۆچ لە لادێوە بۆ شار کەمبێتەوە , بەڵکە بە شار بوون لە پرۆسەی خۆیدا بەردەوامە , بە تایبەت لە وڵاتانی تازە پەرەستێن . کوردستان و کەرکوکەکەی ئێمەش بەشێکە لەو وڵاتانە , ناتوانێت لەو یاسایە بە دەربێت .

سەرچاوەکان:


**1-د.محمد السيد غلاب و د.يسرى الجوهري –جغرافية تاحضر , منشاة المعارف الاسكندرية –ص6 .**

**2-السكان - ديموغرافيا و جوغرافيا - د. محمد السيد غلاب و د.محمد صبحي - مكتبة انجلو مصرية - 1969 -ص 95).**

3-**جغرافية المدن- صبري فارس الهيتي –2002 –عمان-در الصفاء-ص38).**

4– **حداثة المتاجرة بالعبيد - تاليف - ايف بينو - بيان 25-7-2005**).

5–ص**231 : السكان –ديموغرافيا و جوغرافيا –تاليف د.محمد السيد غلاب-1969 مكتبة انجلو مصرية**.

6**-جغرافيا المدن - د.كايد عثمان - دار وائل للنشر - ص67.**

7**-جغرافية المدن- صبري فارس الهيتي –2002 –عمان-در الصفاء-ص38-39.**

**8-** ئيلاف 17-2-2005.

9- **حياة - نصف سكان العالم يسكنون المدن.... ففي اي ظروف يعيشون- هاوكات لة طؤظاري بيئة والتنمية عدد سثتمبر 2002.**

**10-جغرافية المدن- صبري فارس الهيتي –2002 –عمان-در الصفاء-ص41**.

**11-جغرافيا المدن - د.كايد عثمان - دار وائل للنشر - ص75.**

**12-جغرافيا المدن - د.كايد عثمان - دار وائل للنشر - ص89.**

**-13 جزيرة نيَت 4-11-**2002.

**14– حياة - عدد 14397 - 20-8-2002.**

**-15** عنف المدن – شارل ليولد ماير – باريس **2005** - بيان **2–8–2005**.

**16-جغرافيا المدن - د.كايد عثمان - دار وائل للنشر - ص56**.

**17–حياة - نصف سكان العالم يسكنون المدن.... ففي اي ظروف يعيشون-** هاوكات له گۆڤارى– **بيئة والتنمية عدد سثتمبر 2002.**